# بووتیقای گێڕانەوە

## گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی



کاوان محەمەدپوور

پەخشانگەی
زانکۆی کوردستان

# بووتیـقای گێڕانەوە

گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی

# بووتیقای گێڕانەوە

## گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی

کاوان محەمەدپوور

پەخشانگەی زانکۆی کوردستان

**سرشناسه:** محمدپور، کاوان، ۱۳۶۵-. **عنوان و نام پدیدآور:** بوٚوتیقای گێڕانەوە: گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی/ کاوان محەمەدپوور. **مشخصات نشر:** سنندج: دانشگاه کردستان، انتشارات، ۱۴۰۲. **مشخصات ظاهری:** ی، ۳۳۳ص.: جدول؛ ۱۴/۵*۲۱/۵ س م. **شابک:** ۹۷۸-۶۲۲-۶۷۰۲-۸۳-۶. **وضعیت فهرست‌نویسی:** فیپا. **یادداشت:** زبان: کردی. **یادداشت:** ص. ع. به انگلیسی: Kawan Mohammadpour. The Poetics of Narrative: Narratology of Kurdish Novels. **یادداشت:** کتابنامه: ص. [۳۲۱]- ۳۲۷. **یادداشت:** نمایه. **عنوان دیگر:** گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی. **موضوع:** داستان‌نویسی، —Fiction Authorship، روایتگری، (Narration(Rhetoric. **شناسه افزوده:** دانشگاه کردستان. انتشارات. **رده‌بندی کنگره:** PN۳۳۳۵. **رده‌بندی دیویی:** ۸۰۸/۳. **شماره کتابشناسی ملی:** ۹۱۶۰۹۶۹. **اطلاعات رکورد کتابشناسی:** فیپا.

# بووتیـقای گێڕانەوە: گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی کوردی

---

**نـووسـەر:** کـاوان محەمەدپوور

**هەڵەچن:** مەحموود محەمەدیان

**دیـزاین:** سـنوور پـوورعەبدوڵڵا

**ڕووبــەرگ:** سـۆنیا ڕەســووڵی

**پەخشانگە:** زانکۆی کوردستان

**ساڵ و ژمارەی چاپ:** ۱۴۰۲/ یەکەم

**شابک:** ۹۷۸-۶۲۲-۶۷۰۲-۸۳-۶

**ئەژمار:** ۵۰۰ بەرگ

**نرخ:** ۱۹۰ هەزارتمن

---

**مافی بۆ پەخشانگەی زانکۆی کوردستان پارێزراوە**

**بەرهەمی توێژینەگەی کوردستان‌ناسی**

پەخشانگەی زانکۆی کوردستان

تویژینگەی کوردستان‌ناسی
پژوهشکده کردستان‌شناسی
KURDISTAN STUDIES INSTITUTE

سنندج: بلوار پاسداران، دانشگاه کردستان

کدپستی: ۱۵۱۷۵ _۶۶۱۷۷

تلفن: ۰۸۷۳۳۶۲۴۰۰۷

WWW.ksi.uok.ac.ir

info@uok.ac.ir

پێشکەش بە:

نیگامەندەکانی دایکــم و

دەستە گەرمەکانی باوکم

# پێڕست


پێش‌وتار ........................ أ

پێشەکی ........................ ز

دەسپێک ........................ ١

١. **پێکهاتەی گێڕانەوە؛** *وەگێڕ و ئاستەکانی گێڕانەوە* ........................ ٢٥

٢. **زەمـــەن؛** *زەمەنی گێڕانەوەیی لە ڕۆمانی سروودێک بۆ ئیبراهیم دا* ........................ ٦٩

٣. **کـەسایەتی؛** *دارشتنی کەسایەتی لە ڕۆمانی گۆمی بەردەلانکێ دا* ........................ ١١٩

٤. **ناوەندی کردن؛** *شێوەڕوانینەکان لە ڕۆمانی گوڵی شۆڕان دا* ........................ ١٦٣

٥. **نواندنەوەی گوتارەکان؛** *شێوەگێڕانەوەی ڕۆمانی تۆقی عەزازیل* ........................ ٢١٥

٦. **مێتافیکشن؛** *سنوورەکانی پۆست‌مۆدێرن لە ڕۆمانی باڵندەکانی دەم با دا* ........................ ٢٥٧

دوایین وتە ........................ ٣١٣

سەرچاوەکان ........................ ٣٢١

نووانەی ناوەکان ........................ ٣٢٩

# پێش‌وتار

گەورە نووسەری ئیتالی، ئیتالۆ کالوینۆ[1] دەڵێت: «یەک کتێب، وەک دەنکە خیزێک وایە»، ئەم وتەیە بەو مانایەیە کە لە جیهانی ئاڵۆز و فرەجەمسەری ئەمڕۆکەدا- کە لەبەر پڕمانایی بێ‌مانا بۆتەوە!- کتێب، ئەویش یەک دانە، چ نییە و گرفتێک چارە ناکا. ئەگەر سەرنجی دۆخی فەرهەنگیی کورد بدەین، ڕەنگە کتێبەکانی ئێمە تەنانەت ئەو دەنکە خیزەش نەبن و وەک تۆزوخۆڵ، سووکە بایەک هەڵیانگرێت. بەڵام بۆ نووسەر هەمیشە شتێک هەیە وا بەرۆکی دەگرێت و ناچاری دەکا بنووسێت. ئەم ناچارییە - کە خۆشم هۆیەکەی بەباشی نازانم - بەرۆکی گرتم و دەستم دایە نووسینی ئەم کتێبە.

بێ‌ئەوەی بمهەوێت خاکەڕایانە قسە بکەم یان خۆم لەو ڕەخنانە بپارێزم کە لە داهـاتوودا ڕووبەڕووم دەبـنەوە، پێویستـە ئامـاژە بـکەم ئەم کتێـبە لە بـواری

---

1 . Italo Calvino

گێڕانەوەناسی‌دا بەهیچ شێوەیەک کتێبێکی تەواو نییە. هۆی ئەمەش لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو مێژووە چەند لایەنەی لە درێژەی ئەم کتێبەدا باسی دەکەم، لە لایەکیشەوە دەگەڕێتەوە سەر توانای منی نووسەر-لانیکەم تا ئەمڕۆکە. بێ گومان دەبێت دەیان کتێبی لەم چەشنە بە کوردی بنووسرێن و وەرگێڕدرێنەوە تا ئێمە وەک خوێنەری کورد ئیدعای ئەوە بکەین: «تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم زانستە ئاشنام»- جەخت لەسەر "تا ڕادەیەک" دەکەمەوە.

بینای گێڕانەوەناسی چەندین قاتی نزم و نەوی و، دەیان کون و قوژبنی نادیاری هەیە و بەبێ سەرنجی وردەکارانە ناکرێت بچینە ژوورەوە. ئەم کتێبە لە کوردی‌دا، تەنیا یەک کلیلی ئەو بینایەیە، بۆ ئەوەی ڕێگەی چوونەژوورمان هەبێت دەبێ کلیلی‌تریش بدۆزینەوە یان باشترە بڵێم ساز کەین، بە تاقە کلیلێک تەنیا یەک دەرگامان بۆ دەکرێتەوە. سازکردن و دۆزینەوەی ئەم کلیلانەش بەبێ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە ناکرێت. خوێنەر هەم دەق کامڵ دەکا، هەم مانایەکی‌تر لە دەق زیاد دەکا. هیوادارم ئەم کلیلەم بەباشی بەرهەم هێنابێت بۆ ئەوەی لانیکەم یەکێک لەم دەرگایانەی پێ بکرێتەوە.

پێویستە ئاماژە بکەم، لەم کتێبەدا هەوڵمداوە ڕوانگەکانی گێڕانەوەناسیی کلاسیک و پاش‌کلاسیک بەپێی لایەنە جیاوازەکانی گێڕانەوە بهێنمە بەر باس. دیارە بەشی هەندێک لە گێڕانەوەناسەکان بە بەراورد لەگەڵ کەسانی‌تر زیاتر

بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە هەستم کردووە ئەم کەسانە تیۆرییەکی شیاوتر و بەکارتریان بەنیسبەت تیۆرییەکانی‌تر هەیە. لەم باوەڕەدا تەنیا نیم و بەشێکی زۆر لەو سەرچاوانەی ئاماژەم پێ‌داون هەر لەسەر ئەم ڕوانگەیەن.

ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکهاتووە. هەر بەشەی بۆ باسێکی گێڕانەوەناسی تەرخان کراوە و وەک نموونە- جیا لە بەشی یەکەم- بۆ شیکاریی زیاتری باسەکە سوودم لە ڕۆمانی کوردی گرتووە. دیارە لە هەر ڕۆمانێک‌دا، تەنیا چەند نموونەم هەڵبژاردوە، ئەمەش بەم هۆیەیە ئەگەر گشت پاژەکانی گێڕانەوەی ڕۆمان(یان تەنانەت کورتە چیرۆکیش) تاوتوێ بکەین پێویستە بۆ هەر ڕۆمانێک کتێبێک بنووسرێت. (وەک کتێبی (S/Z)ی ڕۆلان بارت کە زیاد لە دووسەد لاپەڕەی لەسەر کورتەچیرۆکێکی سی لاپەڕەیی نووسیوە). سوودگرتن لە نموونەی ڕۆمانی کوردی بۆ گێڕانەوەناسی، لەسەرێکەوە باسەکانی ئەم زانستە بۆ خوێنەری کورد بەرهەست دەکاتەوە، لەلایەکیشەوە شیکاریی ڕۆمان لە پانتای گێڕانەوەدا پێشان دەدا.

جیاکردنەوەی باسەکانی گێڕانەوەناسی لەهەر بەشێک‌دا بەم مانایە نییە کە هەر بەشەی بەتەنیا کامڵە و دەخوێندرێتەوە. بەشەکان لەدوای‌یەک دێن و خوێنەر دەبێت بەپێی پێڕستی دیاریکراو بچێتە پێشەوە. لە بەشی یەک تا پێنج جەختم لەسەر گێڕانەوەناسیی کلاسیک و پاش کلاسیکە، بەڵام بەشی شەش جیاوازە. ئەم

بەشە بۆ (مێتافیکشن) و پۆستمۆدێرنیزم تەرخان کراوە. بەم هۆیەی وا هەنووکە - لە سەرانسەری جیهان- ئەم چەشنە گێڕانەوەیە ڕێژەیەکی زۆر لەخۆ دەگرێت و لە فەزای چیرۆکنووسیی کوردییش‌دا بەیناوبەین ڕۆمانگەلێک- هەڵبەت زۆرجار بە هەڵە- بەم نێوە بڵاو دەبنەوە، هەستم کرد تەرخانکردنی وەها باسێک لەم کتێبەدا بێ‌کەڵک نابێت. لە بەشی شەش‌دا جیا لەوەی لەسەر شێوازی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن و مێتافیکشن دەدوێم، ئەم باسە لەسەر ڕۆمانێکی کوردیش تاقی دەکەمەوە.

لەسەرجەم کتێبەکەدا هەوڵم داوە سەرنجی دەقی سەرەکیی وەرگێڕانە فارسییەکان بدەم و لەگەڵ دەقی سەرەتایی بەراوردیان بکەمەوە. لە برێک جێگەدا هەڵەی وەرگێڕانیان پێوە دیاربوو بەڵام تا ئەو جێگەیەی دەرەقەتی هاتبم هەوڵم داوە ئەم هەڵانە نەگوازمەوە بۆ پانتای زمانی کوردی. سەرچاوەی ئەم بەراوردکردنانەم دەقە ئینگلیزییەکان بووە. لە کۆی کتێبەکەدا و تا ئەو جێگەیەی بۆم ڕەخساوە زمانی فەننی و دژواری گێڕانەوەناسیم ئەهوەن کردۆتەوە، بەشێوەیەک کە بۆ خوێنەر ساکار بێت و بتوانێت لە کۆی باسەکە تێبگات.

لە کۆتایی‌دا بە ئەرکی خۆمی دەزانم سپاس و دەستخۆشی لە هاوڕێ و یارمەتیدەرانم بۆ نووسینی ئەم کتێبە بکەم:

سەرەتا بە دوو هۆ سپاسی بەڕێز دوکتۆر **محەمەدڕەحیم ئەحمەدی** دەکەم. یەکەم بە هۆی وەرگێڕانی کوردی کتێبی (بوتیقای ڕۆمان) نووسینی (ڤەنسان ژووف)،

ئەم کتێبە تاقە سەرچاوەی وەرگێڕاو بۆ کوردییە کە لەم کتێبەدا کەڵکم لێوەرگرتووە. دووهەم، دوکتۆر ئەحمەدی زەحمەتی کێشا و جارێکی‌تر کتێبەکەی خوێندەوە و کورتە پێشەکییەکی بۆ نووسی. بێ‌گومان ناوی بەڕێزیان لەم کتێبەدا جێگەی شانازی و فەخرێکی گەورەیە بۆ من.

دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە بەرپرسانی توێژینگەی کوردستان‌ناسی، بەتایبەت بەڕێزان دکتۆر **ئوومێد قادرزادە**، دوکتۆر **مەسعوود بینەندە** و دوکتۆر **ڕاتیار نەقشبەندی** دەکەم کەوا ئەرکی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیان وەئەستۆ گرت. چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لەلایەن وەها سەرنتەرێکەوە شانازییەکی بێ‌سنوورە بۆ من.

هاوڕێی دێرینم، وەرگێڕ و کوردی‌زانی بەتوانا، کاک **مەحموود(دینۆ) محەمەدیان** پێداچوونەوە و هەڵەچنی کتێبەکەی وەئەستۆ گرت و زۆر پێشنیاری شیاوی بۆ پاراوکردنی دەقەکە ئاراستە کرد. بێ‌شک پێداچوونەوەی مەحموود نەبایە دەقێکی وەها فەننی لە کوردی‌دا خوێندنەوەی دژوار دەبۆوە و ڕەنگە زۆر کەس بە باشی لە مەبەستەکانی تێنەگەیشتایەن. سپاس و ماندوونەبوونی لە مەحموود دەکەم و هیوادارم هەمیشە دڵخۆش و سەرفەراز بێت.

دوکتۆر **ئەرسەلان نەقشی** بەوردی بە وەرگێڕانەکانم لە سەرچاوە ئینگیزییەکان‌دا هاتەوە و لە زۆر جێگەش هەڵەکانی ڕاست کردەوە. سپاس و دەستخۆشی لە

بەڕێزیان دەکەم.

سپاسی بێبڕانەوەی **سۆنیا ڕەسووڵی** دەکەم کەوا ڕێک ١١٧ ساڵ دوا ئەو بەرە بەیانییەی «ستیفن دیدەلێس» لە پاش خەونێکی ئاڵۆزەوە لە خەو هەڵئەستێت هەتا شەقامەکانی «دەبلین» بەرەو قوتابخانەیەکی کوڕانە بۆ وتنەوەی وانەی «مێژوو» بپێوێت، بوو بە هاوڕێ و هاودەمی چرکەساتەکانم. سۆنیا بە دڵنەوایی و قسە گەرمەکانی زۆرجار لە ناهوومێدی و دڵەڕاوکەی نووسین پاراستمی. بێگومان ئەگەر دڵخۆشییەکانی ئەو نەبایە ئەم کتێبە بەسەرەنجام نەدەگەیشت.

دووبارە سپاسی بوونی دەکەم و لە دەم شێعرەوە پێی دەڵێم:

**لە دەستە گەرمەکانی تۆ**

**کە منداڵی ئاوەڵدوانەی ناو باوەشمن**

**چیها قسەم پێیە بیکەم**

**ئەگەر خەمی نان لێم گەڕێ**

ئەگەرچی پێویست بە وتن ناکا بەڵام وەک جەختی زیاتر دەبێ بڵێم: هەر کەموکوورییەک لە نووسین و شیکاریی ئەم کتێبەدا بەدیبکرێت ڕاستەوخۆ داوێنی من دەگرێتەوە و تەنیا من لە ئاست کەمایەسییەکانیدا بەرپرسیارم.

**سنە - ڕەشەمێی ١٤٠٠ی هەتاویی**